

# گەڕانەوەی جەستە

منیره فەیزە
(بۆکان)

ئەم بارەی بە کۆڵمەوەیە، زیاترم دەکێشێتە خوارەوە، هەر چی دەکەم ناتوانم وەسەر ئەو دیوارە کەوم. ژێر لاقم چۆڵە، ئەشکەوتێکی خاڵییە. تەواوی گیانم تەپوتۆزە، بەرچاوم لێڵە. لە دوورەوە تارماییەک دێت، ڕەنگە مرۆڤ بێت. لێم نزیک بووەوە، ژنێکی پیری ڕەنگ زەردە. بە کۆمەکۆم لێم نزیک دەبێتەوە. دەموچاوێکی چرچولۆچی هەیە. لێم هاتە پێشێ. چاوم تێدەبڕێ.

هاوار دەکەم: «تکایە دەستم بگرە.»

ڕووم لێ وەردەگێڕێت. بەگریانەوە دەنگ هەڵدێنم: «مەڕۆ خەریکە بەردەبمەوە ناتوانم سەر کەوم.»

وەڵامم ناداتەوە. بەرەو خۆرئاوا دەڕوات.

تەواوی حەولی خۆم دەدەم. دوو چنگم بەدیوارەوە گرتووە. خۆ هەڵدەکێشم. دوای ماندوو بوونێکی زۆر، گەیشتمە سەر دیوارەکە. لە ناکاو بەردەبمەوە. دەکەومە گۆمێکی قووڵی تاریکەوە. هیچ ڕووناکییەک نییە. هەناسەم سوارە. دەنگێ دێتە گوێم، گریانی دایکمە.

– ڕۆژین گوم بووە! داچڵەکیم. ژان دەمگرێ. خەریکە ڕۆژین لە دایک دەبێت. دەمەوێ بۆ ماڵێ بگەڕێمەوە. ئۆتوبووسێ ڕایگرت، شەکەت و ماندوو خۆم پێدا کرد. لەتەنیشت پیرێژنەکەی سەر دیوارەکە دانیشتم. کۆڵبەندەکەم لەبەردەمی ئەو بوو! چاوی تێبڕیم. چاوەکانی ناسیاون. دەنگی هەناسەکانی هێوری دەکردمەوە. هەست بە لێدانی دڵم دەکەم، بەڵام گوێم لە ترپەی

دڵم نییە. دەست لەسەر زگم دادەنێ. ژانەکانم دەگەڕێنەوە. ڕابوردووم دێتەوە بەر چاوم. بزەیەک لەسەر لێوم قەتیس ماوە. دیسان چاو لەچاوی دەبڕم. خەریکە ژیانی من لە نێو چاوانیدا ڕەنگ دەداتەوە. دەمی کردەوە. هاژەیەکی سەیر لە دەنگیدابوو. ڕوخساریم وەبیر هاتەوە. چاوی تێبڕیم. بەدەنگێکی ئارامەوە گوتی: «تۆ بەو تەمەنە کەمەوە بۆ مردووی؟»

– من مردووم؟ نا من کوا مردووم؟

ئەم دەنگە ڕۆحم دەلاوێنێ، ناسیاوە. وەبیرم هاتەوە، خەریکی دووپاتەی ڕابوردووم.

دەڵێم: «تۆ کچی منی.»

گوێی نابیسێ. گوێچکەکانی هەڵوەریون. ئۆتوبووسەکە ڕایگرت. کۆڵبەندەکەمی لە پشتی نا. دەیەوێ بڕوات. کەمێ دوور کەوتەوە. دەنگ هەڵدێنم: «من دایکی تۆم دەزانی؟»

ڕوو وەردەگێڕێ. لێم حاڵی نابێ. دیسان دەنگ هەڵدێنم: «تۆ ڕۆژینی ڕۆژین! کچی منی.»

بە شوێنیدا هەڵدێم. دەنگ هەڵدێنم:«ئەوکاتەی مردم تۆ منداڵ بووی. لەمردووشۆرخانە لەگەڵ ژنێک مەیتی منتان دەشووشت. بەردەوام دەگریای. بزەیەکی سارد لە سەر لێوم بوو. مردووشۆرەکە گوشاری بۆ زگم دێنا. تۆ دەگریای. قژەکانت بۆ شۆردم. ڕۆحم بەسەرتدا دەگەڕا. زۆر پەرۆشت بووم. ئەو ساتانەم زۆر ناخۆش بوو. گوێی لە قسەکانم نەدەبوو. ویستی لە کۆتا وێستگە دابەزێ. هاوارم کرد: «لە بیرتە هەموو ڕۆژێک دەهاتییە سەر خاکوخۆڵی دڕکاوی سەر گۆڕەکەم؟»

بەڵام دیسان دەنگم بەرەو خۆم دەگەڕێتەوە.

دەنگم لە نێو کاسەی سەرمدا دەزرینگێتەوە.

ڕۆحم ئاوارە و سەرگەردانە. دەنگی ڕۆژین دێتە گوێم: دایە نازانم بڕۆمەوە. ئەم کۆڵەپشتییە زۆر قورسە.

لەنێو گڤەبایەکی ساردددا بۆ من دەگەڕێ. بەسەر تەمێکی سپیدا دەچمەوە ماڵێ. تەواویان بەدەوری خۆیاندا دەخولێنەوە. ڕۆژین گوم بووە. هاوار دەکەم: «وەرن، دوو کۆڵان خوارترە.»

گوێیان لە دەنگم نییە. دەستی هاوژینەکەم دەگرم. دەستم لەنێو قوڵی ڕەد دەبێ. ئەمجار دڵنیام کە مردووم. ئەی بۆ ئەم مردنە ئاسوودەییم پێ نابەخشێ؟ ڕۆحم لە نیگەرانی دایە. ئەی من چەندە گرفتاری ئەم سێیەم! بەردەوام دووپات دەبمەوە! ڕوو دەکەمە دایکم دەپاڕێمەوە: «من دەزانم ڕۆژین لە کوێیە، وەرە با بچین.»

چاوم لێناکات. دەڕۆمە حەوشە. پشیلە بچکۆلەکە لە بەرانبەرم هەڵتووتکاوە و دەمیاوێنێ. ڕەنگە ئەو من ببینێ. لە کەلێنی دیوارەوە دەڕۆم بۆ لای ڕۆژین. هەست دەکەم برینێک لەسەر ژیانم بەجێ ماوە. دەبێ بگەڕێمەوە تیماری کەم. ڕووناکییەکم دیت. هێزم پێ دەبەخشێ. چاو هەڵدێنم. بە لۆکە ئاو بەدەممەوە دەکەن. ڕۆحم لە تەنیشتمە. ئاوڕێکی لێ دەدەمەوە. خۆ دەخزێنێتە نێو دەممەوە. دەنگی گریانم بۆ دێت. نازانم بۆ دەگرین. هەست دەکەم پەنجەیەکی بچکۆلانە دەستم دەکوشێ. ڕۆژین دێتە بەرچاوم. باوەشی پێدا کردم. هەستم بەگەڕانەوەی جەستەم کرد.